

## بیرەوەری و شیعرەکانی محەمەد نووری

مامۆستا محەمەدی نووری دوایین پاشماوەی شاعیرانی سەردەمی کۆماری کوردستانە، کە ئێستا لە بۆکان دەژی. ژیانی نووری دارماڵی رووداوە : چالاکییە سیاسییەکانی سەردەمی کۆمار، ساڵانی حوکمی موسەددیق، سەردەمی ئیسلاحاتی ئەرزی ئێران، رووخانی رژیمی شا و هاتنە سەرحوکمی مەلاکان و دوای ئەو تا ئەمڕۆ. لە هەموو ئەو ساڵانەدا، جگە لە سەردەمی کۆماری مەلایان، نووری مرۆڤێکی چالاک بووە و ئاشکرایە دەبێ بیرەوەری زۆری لێیان هەبێت، بەتایبەت کە بۆ ماوەیەک نوێنەری بۆکان بووە لە مەجلیسی شورای ئێران و لە نزیکەوە ئاگاداری رەوتی سیاسی حکوومەتی شا لە ناوچەی کوردستانیش بوە.

کتێبی "شەوێک و خەوێک ؛ بستووی ژیان" لە دوو بەش پێک هاتووە :

"شەوێک و خەوێک" – کە بیرەوەرییەکانی مامۆستایە و ١٧٢ لاپەڕەی سەرەتای گرتوتەبەر؛ و

"بستووی ژیان" – کە کۆی شیعرەکانیەتی و تا لاپەڕەی ١٢٢ درێژەیان هەیە.

دەکرێ بگوترێت کتێبەکە سەرتاپا لە پێوەندی بۆکاندایە گەرچی خۆی گوتوویە تی خەڵکی گە دیگلا نی"مە هاباد"م ! نووسەر لە بۆکان و گوندەکانی دەور و بەری ژیاوە، لە رووداوە سیاسی – کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەدا بەشداری کردوە و ئەو ساڵانەش وا لە تاران ژیاوە نوێنەری بۆکان بوە لە پەرلەمان. شیعرەکانیش یا لە بۆکان گوتراون یا بۆ کەسایەتی ناوداری ناوچەی بۆکان یا خۆد لە وەڵامی ئەواندا نووسراون : حەقیقی، سوارە، ئیمامی، هێدی، کوڕانی سەیدی زەمبیل، قاسم و وسێن ئاغای موهتەدی و ... . واتە کتێبەکە ئاوێنەی ژیانی سیاسی – فەرهەنگی – کۆمەڵایەتی خەڵکی بۆکان و دەور و بەریەتی.

کاک سەلاحەددین ئاشتی بە کتێبەکەدا چۆتەوە و ئامادەی چاپی کردوە.

محەمەدی نووری، "شەوێک و خەوێک ؛ بستوی ژیان"، پێداچوونەوە و ئامادەکردنی سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦،

١٣٢ لاپەڕە، کوردی.